# ئەو كاتەی بێدەنگی دەبێتە چەكێكی خۆكوژ

**محەمەدی مشیر**

ماوەی 16 ساڵە هەردوو سوپای توركیاوئێران لە گەڵ هەر پێشهات و گۆڕانێكی سیاسی ناوخۆی عێراق و ناوچەكەدا، تەنانەت لەگەڵ ئەو گۆڕانكاریانەی لە ناوخۆی هەردوو وڵاتیشدا روودەدەن، هەڵیدەدەنێ و هەر بە هەوەس ناوچە سنوورییەكانی هەرێمی كوردستان دەدەنە بەر تۆپ و هاوەنەكانیان، وەك بڵێی هەردوو لا ناڕاستەخۆ لە سیمفۆنیایەكی مەرگاوەری درێژخایەنی هاوبەشدا قەرارو جەوابی سەدای تۆپەكانیان تاقیبكەنەوە، ئیدی هەركە یەكێكیان كپ بوو ئەویتریان هەڵیدەداتێ و بەردەوام دەبێ.

دوو سوپا، دوو جۆرە سیستەمی دەسەڵات، بەڵام یەك جۆرە سیاسەتی دوژمنكارانەی زەق و ئاشكرا بەرامبەر بە خەڵك و خاكی هەرێمی كوردستان. دوو دژمنی دێرینەی یەكتر، دوو كلتوری جیاواز، بەڵام یەك هەڵوێستی دڕندانەی بەردەوام بەرانبەر بە دەستكەوتەكانی گەلی كوردستان، دوو پێشێنەی مێژوویی جیاواز بەڵام یەك هەڵوێستی مێژوویی نەگۆڕ بەرامبەر بە دۆزی رەوای كورد.

ئەمەی سەرەوە كورتەی هەڵوێستی دێرینە و نوێی حكومەتە یەك لە دوای یەكەكانی هەردوو دەوڵەتی(دراوسێ!) بووە، كەچی لە بەرامبەردا حكومەتە یەك لەدوای یەكەكانی هەرێمی كوردستانیش هەر لە سەردەمی (فیفتی فیفتی)یەوە بگرە تا دوو ئیدارەیی و دواتر 42 وەزارەتی و ئێستاش 17 وەزیری، دەنگی هەڵوێستەكانمان بە نورەی تۆپێكی ئەوان كپ و خامۆش دەبێ و زۆر (دیپلۆماتیانە) دەڵێن ئاغا (میبەخشی) و قارداش (باغشلە)زەحمەت نەبێ بۆچی خەڵكمان بێلانە و خاكمان سووتماك دەكەن؟.. فەرموون.. بویرن.. با لە رێگە تاقیكراوە بێسوودەكەی پار و پێرار و بەسترِ پێرارەوە، كە تێیدا تەنها گوێمان لە سەدای دەنگی لاوازی خۆمان دەبێت، كێشە سنوورییەكانمان لە سەر مێزی دیالۆگ چارەسەر بكەین .

عەجیب ئموری ئەو دوو وڵاتە غەریب قەزییەی خەڵكی كوردستان.. لە گەڵ دووبارە بوونەوەی هەر تۆپبارانێكدا پەرلەمانە سەد و یازدە ئەندامییەكەمان بە ئامادەبوونی حەموو وەزیر و بەرپرسە باڵاكانی شئوونی وڵات و ئەحوالی عاممە بە پەلە كۆدەبێتەوە و حەمموو جارێكیش بە تێكڕای دەنگ تۆپبارانەكە ئیدانە دەكات بێئەوەی تەنانەت جارێكیش بیر لە گرتنەبەری شێوازێكی جیاوازتر بكرێتەوە و پێیان بڵێن ئەرێ (ئاغا) هەرچی كەرستە و ئامێری قورسی وڵاتەكەم هەیە ئاودیوتانكرد و لە بەرامبەریشدا پفەك و چیپسی ئاشی ماشی و چەسپی دووقولومان بۆ دەنێرن لە گەڵ ئەوەشدا هەر قسەمان نەكردوو گوتمان قەیدی ناكا (هەمسایە ئەست)و وەحەقول هەماسەیەتی عەلەل هەمسایە...، هەرچی سفر و فافۆنی ئەو وڵاتە هەبوو تالانتان كرد و لە بەرامبەریشدا مەلامین و قاپی پلاسكۆمان بۆ دەنێرن هەر گوتمان ئەو جارەش قەیدی ناكا خۆ مۆدیلی قاپی فافۆن بە سەرچووە و قەیدی چییە، ئەمما ئەتو قارداش خەنی بووی هەندی نەفت و مازۆتی وڵاتەكەم ببەیی و لە بەرامبەریشدا ئاوی موقەتتەر و پەنیر و ماستی توركیم بۆ بنێری هەر گوتمان ئیشتەم جیرانە و عەیبە با قازانج بكا، رێگەمان دا هەرچی كۆمپانیا وار ئیشتەم بێتە كوردستان و بەرزەكۆپری ئاخیر مۆدێلمان بۆ دروست بكا لە بەرامبەریشدا هەر جارەو بە بیانوویەك دەروازەی سنوورەكانتان بەڕووی ئێمەدا دادەخست هەرگوتمان قایدی یۆختی قۆمشییە... ئەمانەو دەیان شتی دیكە هەبوون و تائێستاش ماون كە خڕ بەرپرسانی ئەو وڵاتەی لە مەڕ خۆمان دەیزانن، بەڵام بە داخەوە تا ئێستاش بە شێوەی پێویست و وەك هەڵوێستێكی كارا پێداگریان لە سەر نەكراوە، هەرگیز بیر لەوە نەكراوەتەوە كە بایكۆتی ئابوورییانەی كەلوپەلی بیانی چەكێكی هەرە كاریگەرەو بارتەقای هەزاران بەیاننامە و لێدوانی فەرمی كاریگەری راستەوخۆ و بەرچاوی هەیە، بەڵام مخابن ئەگەر ئەو جۆرە قسانەش بكەین دەڵێن ئەدی نازانی كوردستان لە هەر چوار لاوە خنكێنراوە؟ ئەگەر وابكەین خنكێنراوترمان دەكەن و ئەو برِە ئاشی ماشی و پفەكە ئێرانییەو ئەو قیچە پەنیر و زەیتونە توركییەش نامێنێ بیدەینە منداڵەكانمان و، بازاڕەكانمان چۆڵ و هۆڵتر دەبن ئەو كاتە ئەینەل مەفەڕ؟

راستە هەڵكەوتی جوگرافیای كوردستان ئاوایە، بەڵام تا ئاوا بیربكەینەوە و بیر لە رێوشوێنێكی دیكە نەكەینەوە لەتەك رێوشوێنە تەقلیدییەكان وەگەڕبخرێن، ئەوا هیچ گومانی تێدا نامێنێ كە خنكێنراوتر دەبین و هەر جارەی لە جیاتی تۆپێك هەزاران گوللە تۆپ بە تەوێڵی ناوچە سنوورییەكانمان وەدەنێن و دوور نییە لە داهاتووشدا لە ئەنجامی ئەو بێدەنگییەی ئێمە قولایی شارەكانیشمان هەر بە هەوەس تۆپباران بكەن.